
## لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە..بۆ بەناز کوێستانی

**( ئەو گۆرانیە بێ دەنگەی ماوەیەکە لە چڕینی شیعر یاخی بووە )**

**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com



**کە پەنجەکانت**

**لەنێو لەپی شیعر ترازاند**

**پرژانگی پێلوی وشەکانت سووتان**

**چاوەکانی شیعریش**

**نوری تەنیاییان لێ باری..**

**لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە**

**هەگبەم پڕە لە خەرمانەی وشە**

**پڕیشە لە سۆزی نزاکانی بێ دەنگیت**

**جاران چناری بەرزی نێو کۆپلەکانت**

**دەبوون بە سێبەری**

**کاروانسەرای ئەوینی عاشقان**

**دەبوون بە گۆرانیەکی نامۆ**

**ئاوێتەی سیمفۆنیای**

**ئێوارە نارنجیەکان دەبوون..**

**لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە**

**من ئاوەرەترین پاساریم**

**لەنێو هێلانەی بێ دەنگیت**

**ئەی شاعیری زەمەنی جوانی و ئاوێتە بوون**

**تریفەی نێو کەرنەڤالی مەراسیمی شیعر**

**بمنوسەوە..**

**با لەگەڵ جوانترین وێنەدا**

**ئێستاتیکایەك لەچوارچێوەی خۆیم بگرێ**

**وەکو جاران**

**گوڵێك بدە لەپەرچەمی شیعرێکت**

**بیکە بە ملوانکەیەك**

**لەگەردنی ئازارەکانمی بئاڵێنە..**

که ڕۆیشتی

وشەکانت خۆیان لەنێو

کتێبە ڤاچاغەکانی عیشق شاردەوە

بوون بە تارماییەکی ڕەش و نلمۆ

شیعریان دا بەر ڕکێفی برووسکەیەکی یاخی..

که ڕۆیشتی

ئاوێنەکان شکان

پەنجەکانی شیعر سوتان

دوا وشەی ئەوینیش گڕی گرت

پیتەکانی بوون بە خۆڵەمێش

گزنگ ماچی لێوی زەردی کازیوەی کرد

شەو پەنجەکانی لە قژی یەڵدا ئاڵاند

شیعر بێ دەنگ

وشە بێ ڕەنك

زمانیش لەنگ

لەبەر دەرگای ماڵی چۆڵی شیعرێکتدا

گیانم بۆتە چەند لاپەڕەیەکی سپی

ئەی شاعیری زەمەنی جوانی و ئاوێتە بوون

تریفەی نێو کەرنەڤالی مەراسیمی شیعر

بمنوسەوە...